www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-5-2007 20:44

وەڵامێک بۆ سۆزانی خانە شەهاب ... ناریان

خاتوونی بەڕێز تۆ خۆت ئەندام پارلەمانیت ئایا بۆ وەك ئەندام پارلەمانێك هەڵوێست وەرناگریت، ئەو ڕەشەکوژیەی لە دژی ژنانی کوردستان پیادە دەکرێت بە کاری پارلەمانی نازانیت دانیشتن و گفتوگۆی لەسەر بکات، بۆ ئەو ڕستەیەتان کردووە بە عادەت هەرکاتێك لەبارەی کێشەیەکەوە قسە بکەن دەڵێن من وەك خۆم یان وەك ژنێك قسە دەکەم وەك ئەندام پارلەمانێك قسە ناکەم باشە ئێوە ئیشتان چیە ئەگەر کێشەکانی خەلك چارەسەر نەکەن ئەگەر هەر هیچ دەسەڵاتێکیشتان نیە چارەسەری هیچ شتێك بکەن تەنها بەئەرکی خۆتان هەستن هێشتا هەر زۆرە
باشە ناکرێت تۆ وەك ئەندام پارلەمانیك داوا بکەیت لیژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ لێکۆلینەوە لە هەزاران کێشەو ئاڵۆزی کە ئایندەی ئەم وڵاتەیان خستۆتە مەترسیەوە سەیرە تۆ داوا لە ژنانی قوربەسەر دەکەیت هەڵوێست وەرگرن باشە چیان پێ دەکرێت کێ گوێیان لێ دەگرێت تۆ دەتەوێت ڕێکخراوەکانی بە ناو ژنان و ئافرەتان و خوشکان چارەسەری کێشەکانی ژنان بکەن. ئەو ڕێکخراوانە بێجگە لە فریو دانی ژنان و قسەی زل و موچەی باش بۆ خۆیان هیچ شتێکی تریان پێناکرێت و خۆشیان نایانەوێت هیچ بکەن تکایە وازیان لێبێنە دانیشتنی بەردەرگایان گواستۆتەوە بۆ بارەگای ڕێکخراوەکانیان با ئەو دانیشتنە خۆشانەیان لێ تێك نەچێت،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.